بەریز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەیز محەمەد ئەحمەد ئەلمەیاحی سەرکی پەرلەمانی عەرەبی کرد لەم کەبوونەوە ئەحمەد جبووری جێگری سەرکی پەرلەمانی عەرەبیش ئامادەبوو.



لەسەرەتای دیدارەکە بەریز حەکیم خۆشحالی خۆی دەربڕی بۆ سەردانێكی بەدوای یەكانی كۆسایەتیەی عەرەبكان بۆ عیراق دەیكەن و گوتی : ئەو سەردانانە تیشك دانەوەی ئەو سەقامگیرییە یە كە عیراق بەخۆیەوە بینیوە و رێی كاریگەری سیاسی خۆی لەناوچەكە و دەروبەری دەگەڕێت.
سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە عیراق ئەمرۆ لە دۆخێکی سەقامگیری سیاسی و کەمڵایەتی و ئەمنی تێپەڕدەبێت کە پێشتر بەخەیاڵیشدا نەدەهات، ئاوەش یارمەتیدەر بووە لە کەسێ ناوچەیی و عەرەبییەکاندا، لەسەرووی هەموویان دەسەڵاتینی و داواشی کرد دامودەزگایێ عەرەبییەکان بەرپرسیارێتی خۆیان لەئاگرتنی شێوی غەزە پیشان بدەن و کۆتایی بە مەینەتی ئاوارە فەڵەستینییەکان بهێنن.

سەماحەتی ئاماژەی بۆ ئامادەکارییانە کرد کە بۆ ئەنجامدانی لووتکەی عەرەبی دەکرێت و سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ئەو لووتکانە تیشکدانەوەی ئەو کاریگەرییانە بن کە ڕووبەڕووی نەتەوەی عەرەبی دەبێتەوە، هەروەها پێویستە هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت و هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمانە عەرەبکان هەبێت و ئەزموون ئاوگۆڕ بکەن بۆ پتەوکردنی کاری پەرلەمانی هاوبەش.

لەڕووی ناوچەکەوە، بەڕێز حەکیم ئماژەی بۆ گفتوگۆی لایەنە جیاوازەکانی ناوچەکە دا و داوای کرد پالپشتی ئەو جۆرە ڕێوانەی گفتوگۆ بکرێت لەبەر ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر پتەوکردنی ئەمن و سەقامگیری ناوچەکە هەیە و دووپاتیشی کردەوە کە سەقامگیری ناوچەکە لەبەرژەوەندی هەموو لایەنکان دەبێت.